# مافەکانی پێغەمبەر ﷺ

# لەسەر ئۆمەتەکەی


**نووسینی**

**سەعید بن عەلی بن وەهف ئەلقەحتانی**

**وەرگێڕانی**

**خدرنەژاد کوردستانی**



لە بڵاوکراوەکانی ماڵپەڕی خدرنەژاد کوردستانی

www.xdrnejad.8m.com

**ساڵی ١٤٢٩ ی کۆچی**

بسم الله الرحمن الرحيم

**به ناوی خودای میهرداری میهرەبان**

# پێشەکی

إن الحمد لله، نحمده، ونستعينه، ونستغفره، ونعوذ بالله من شرور أنفسنا، وسيئات أعمالنا، من يهده الله فلا مضلَّ له، ومن يُضلل فلا هادي له، وأشهد أن لا إله إلا الله وحده لا شريك له، وأشهد أن محمداً عبده ورسوله، صلى الله عليه وعلى آله وأصحابه ومن تبعهم بإحسان إلى يوم الدين، وسلم تسليماً كثيراً.

پێغەمبەری خودا ﷺ کۆمەڵێکی زۆر مافی هەیە بەسەر ئۆمەتەکەیەوە، لەوانە: ئیمانی ڕاستەقینە بە پێغەمبەرێتیی ئەو بە کردار و گوفتار، هەروەها بەڕاست زانینی هەرچییەک کە ئەو هێناوێتی، گوێڕایەڵی کردنی و نەشکاندنی فەرمانی، بەدادوەر کردنی لە هەموو کاروبارێکدا و ڕازی بوون بە حوکمی، دانانی لە پلەی بەرزی خۆیدا بە بێ زێدە ڕۆیی و کەمایەتی، شوێنکەوتنی و کردنی بە پێشەنگ و ڕێبەر لە تێکڕای کاروباراندا، خۆشویستنی بە ڕادەی زیاتر لە: گیان و ماڵ و ژن و منداڵ و تێکڕای خەڵکی، هەروەها ڕێز گرتنی و سەرخستنی ئایینەکەی و بەرگری کردن لە سوننەتەکەی و سەڵاوات دان لەسەری، هەروەک فەرموویەتی: (( إن من أفضل أيامكم يوم الجمعة فيه خلق آدم وفيه النفخة وفيه الصعقة فأكثروا علي من الصلاة فيه فإن صلاتكم معروضة علي فقال رجل يا رسول الله كيف تعرض صلاتنا عليك وقد أرمت يعني بليت فقال إن الله حرم على الأرض أن تأكل أجساد الأنبياء)) [1]، واتە: " ڕۆژی هەینی لە باشترینی ڕۆژەکانتانە، ئادەم لەو ڕۆژەدا درووست کرا، فووی کەڕەنا و ناڵەی کۆتایی دونیاش هەر لە هەینیدا دەبێت، جا لەو ڕۆژەدا سەڵاواتی زۆرم لەسەر بدەن، چونکە سەڵاواتەکانتان پیشانم دەدرێن، پیاوێک وتی: ئەی پێغەمبەر خودا! چۆن سەڵاواتەکانمان پیشانت دەدرێن کاتێک تۆ جەستەت زەوی خواردبێتی؟ پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: خودا حەرامی کردووە لەسەر زەوی؛ کە جەستەی پێغەمبەران بخوات ".

---

(1) ئەبوداوود و نەسائی و ئیبن ماجە گێڕاویانەتەوە ، دەقەکە هی ئیبن ماجەیە، شێخ ئەلبانیش بە سەحیحی داناوە، بڕوانە: (صحيح سنن ابن ماجة) فەرمودەی ژمارە: 1085.

# مافەکانی پێغەمبەر ﷺ لەسەر ئۆمەتەکەی

## فەرموون ئێوە و ئەو مافانە بە نەختی و بە پوختی:

**یەکەم:** ئیمان پێبوونی و باوەڕ بە هەرچییەک کە ئەو هێناویێتی، خودای گەورە فەرموویەتی: {فَآمِنُوا بِاللَّهِ وَرَسُولِهِ وَالنُّورِ الَّذِي أَنْزَلْنَا وَاللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيرٌ}(1)، واتە: " دەسا ئیمان بێنن بە خودا و پێغەمبەری و بەو ڕووناکییەش کە ناردوومانەتە خوارێ. خوداش لە هەرکارێک کە ئێوە دەیکەن ئاگادارە ". هەروەها فەرموویەتی: {فَآمِنُوا بِاللَّهِ وَرَسُولِهِ النَّبِيِّ الْأُمِّيِّ الَّذِي يُؤْمِنُ بِاللَّهِ وَكَلِمَاتِهِ وَاتَّبِعُوهُ لَعَلَّكُمْ تَهْتَدُونَ}(2)، واتە: " دەسا ئێوە ئیمان بێنن بە خودا و ئەو پێغەمبەرە نەخوێندەوارەی کە خۆیشی ئیمانی هەیە بە خودا و وتەکانی، شوێنیشی بکەون، بە ئومێدی ئەوەی ڕێڕاست بن ". هەر لەو بارەیەوە فەرموویەتی: {يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا اللَّهَ وَآمِنُوا بِرَسُولِهِ يُؤْتِكُمْ كِفْلَيْنِ مِنْ رَحْمَتِهِ وَيَجْعَلْ لَكُمْ نُورًا تَمْشُونَ بِهِ وَيَغْفِرْ لَكُمْ وَاللَّهُ غَفُورٌ رَحِيمٌ}(3)، واتە: " ئەی ئەوانەی کە ئیمانتان هێناوە! لە خودا بترسن و ئیمان بە پێغەمبەرەکەی بێنن، جا دوو بەرامبەر لە میهری خۆیتان دەداتێ و ڕووناکییەکیشتان بۆ هەڵدەکات کە ڕێگەی ڕاستی پێ بپێون و لە گوناهەکانیشتان دەبووریێت، خودا لێبوردە و میهردارە". هەروەها فەرموویەتی: {وَمَنْ لَمْ يُؤْمِنْ بِاللَّهِ وَرَسُولِهِ فَإِنَّا أَعْتَدْنَا لِلْكَافِرِينَ سَعِيرًا}(4)، واتە: " هەر کەسێکیش ئیمانی نەبێ بە خودا و پێغەمبەری؛ ئەوە ئێمە بۆ ئەو کافرانە گڕی ئاگرمان خۆش کردووە ". پێغەمبەری خوداش ﷺ فەرموویەتی: ((أمرت أن أقاتل الناس حتى يشهدوا أن لا إله إلا الله ويؤمنوا بي وبما جئت به)) (5)، واتە: " فەرمانم پێدراوە کە لەگەڵ خەڵکی بجەنگم تا گەواهی دەدەن کە

---

(1) سوورەتی: "التغابن" ئایەتی: 8.

(2) سوورەتی: "الأعراف" ئایەتی: 158.

(3) سوورەتی: "الحديد" ئایەتی: 28.

(4) سوورەتی: "الفتح" ئایەتی: 13.

(5) موسلیم گێڕاوییەتییەوە.

خودایەک جگە لە ئەڵڵا بوونی نییە و ئیمانیش بە من و ئەو ئایینە دێنن کە هێناومە ".

ئیمانیش بە پێغەمبەر ﷺ بریتییە لە: باوەڕ بە پێغەمبەرێتیی ئەو، کە خودا ناردوویەتی بۆ جنۆکە و مرۆڤ، هەروەها بەڕاست زانینی هەموو ئەوەی کە ئەو هێناویێتی و فەرموویەتی، ئەو بڕوای دڵەش بسەلمێنێت بە گەواهیی زمان کە موحەممەد ﷺ پێغەمبەری خودایە، جا کە بڕوای دڵ و گەواهیی زمان کۆبوونەوە، ئەوە دەبێت لە کرداریشیدا ڕەنگ بداتەوە، بەم چەشنە سەرەنجام ئیمانی بە پێغەمبەر ﷺ تێروتەواو دەبێت.

**دووەم:** پێڕەوی کردنی فەرمانی و سەرپێچی نەکردنی: کە ئیمان پێبوونی و بەڕاست زانینی هەرچییەک کە هێناویێتی واجب بێت؛ ئەوە بێگومان بەفەرمان هەڵسانیشی واجبە، چونکە ئەوەش لە ڕێزەی ئەوانەیە کە هێناویێتی، خودای گەورە فەرموویەتی: {يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا أَطِيعُوا اللَّهَ وَرَسُولَهُ وَلَا تَوَلَّوْا عَنْهُ وَأَنْتُمْ تَسْمَعُونَ}(1)، واتە: " ئەی ئەوانەی کە ئیمانتان هێناوە! فەرمانبەری خودا و پێغەمبەرەکەی بن و خۆتانی لێ مەبوێرن، لەکاتێکدا کە - فەرمایشتەکانی خودا و پێغەمبەریش ﷺ - دەبیستن ". هەروەها فەرموویەتی: {وَمَا آتَاكُمُ الرَّسُولُ فَخُذُوهُ وَمَا نَهَاكُمْ عَنْهُ فَانْتَهُوا}(2)، واتە: " هەرچی پێغەمبەر پێتان دەدات وەریگرن و هەرچییەکیش کە قەدەغەی دەکات لێتان لێوەی دوور بن ". هەروەها فەرموویەتی: {فَلْيَحْذَرِ الَّذِينَ يُخَالِفُونَ عَنْ أَمْرِهِ أَنْ تُصِيبَهُمْ فِتْنَةٌ أَوْ يُصِيبَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ}(3)، واتە: " ئەوانەی کە سەرپێچی لە فەرمانی ئەو - واتە پێغەمبەر ﷺ - دەکەن؛ با بترسن لەوەی کە بەڵایەکیان بەسەر بێت یان تووشی ئەشکەنجەیەکی بەئێش بن ". هەروەها فەرموویەتی: {وَمَنْ يُطِعِ اللَّهَ وَرَسُولَهُ يُدْخِلْهُ جَنَّاتٍ تَجْرِي مِنْ تَحْتِهَا الْأَنْهَارُ خَالِدِينَ فِيهَا وَذَلِكَ الْفَوْزُ الْعَظِيمُ * وَمَنْ يَعْصِ اللَّهَ وَرَسُولَهُ وَيَتَعَدَّ

(1) سوورەتی: "الأنفال" ئایەتی: 20.

(2) سوورەتی: "الحشر" ئایەتی: 7.

(3) سوورەتی: "النور" ئایەتی: 63.

حُدُودَهُ يُدْخِلْهُ نَارًا خَالِدًا فِيهَا وَلَهُ عَذَابٌ مُهِينٌ}[1]، واتە: " هەرکەسێک فەرمانبەری خودا و پێغەمبەرەکەی بێت؛ ئەوە دەیخاتەناو باخاتێکەوە کە ڕووباریان بەبەردا دەڕوات بۆ هەتاهەتا دەمێننەوە تێیدا و ئائەوەیە پیرۆزیی مەزن * هەرکەسێکیش لە فەرمانی خودا و پێغەمبەرەکەی دەرچێت و لە سنوورەکانی خودا تێپەڕێت؛ ئەوە دەیخاتەناو ئاگرێک کە بۆ هەتاهەتایە تێیدا دەمێنێتەوە و سزایەکی سەرشۆڕکەری بۆ هەیە ".

هەر لەمەڕ فەرمانبەری کردنی پێغەمبەر ﷺ؛ ئەبوهورەیرە خودا لێی ڕازی بێت دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: ((من أطاعني فقد أطاع الله ومن عصاني فقد عصى الله)) [2]، واتە: " ئەوەی فەرمانبەری من بێت ئەوە فەرمانبەری خودایە، هەرکێش لە فەرمانی من جەرچێت ئەوە لە فەرمانی خودا دەرچووە". هەروەها لە نێو خەڵکیدا فەرمووی: هەموو ئۆمەتەکەم دەڕۆنە بەهەشت مەگەر کەسێک خۆی نەیەوێت، وتیان ئەی پێغەمبەر خوا ﷺ جا کێ هەیە نەیەوێت؟ لەوەڵامیاندا فەرمووی: ئەوەی فەرمانبەری من بێت؛ ئەوە دەچێتە بەهەشت، ئەوەشی فەرمانم بشکێنێت؛ ئەوە نەیویستووە "[3].

**سێیەم:** شوێنکەوتنی، بەوەی کە بیکەیت بە پێشەنگ و ڕێبەری خۆت لە هەموو کاروبارێکدا و، گرتنەبەری ڕێبازی پیرۆزی: خودای گەورە فەرموویەتی: {قُلْ إِنْ كُنْتُمْ تُحِبُّونَ اللَّهَ فَاتَّبِعُونِي يُحْبِبْكُمُ اللَّهُ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ وَاللَّهُ غَفُورٌ رَحِيمٌ}[4]، واتە: " بڵێ: ئەگەر خوداتان بەڕاستی خۆش دەوێت؛ ئەوە شوێنی من بکەون، ئەوجا خوداش ئێوەی خۆش دەوێت و لە گوناهەکانتان خۆش دەبێت، خودا بەخشندە ومیهردارە ". هەروەها فەرموویەتی: {وَاتَّبِعُوهُ لَعَلَّكُمْ تَهْتَدُونَ}[5]،

---

(1) سوورەتی: "النساء" ئایەتی: 13 و 14.

(2) بوخاری و موسلیم گێڕاویانەتەوە.

(3) بوخاری گێڕاوێتییەوە.

(4) سوورەتی: "آل عمران" ئایەتی: 31.

(5) سوورەتی: "الأعراف" ئایەتی: 158.

واتە: "شوێنی ـ پێغەمبەر ـ بکەون تا بکەونە سەر ڕێگەی ڕاست". بەڵێ دەبێ لە سەر ڕێڕەوی ئەو بڕۆین و دەست بە سوننەتەکەیەوە بگرین، هەر پێغەمبەری خوا ﷺ خۆی فەرموویەتی: ((من رغب عن سنتي فليس مني)) (1)، واتە: " ئەوەی پشت لە سوننەتم بکات ئەوە لە من نییە ".

**چوارەم:** خۆشویستنی بە ڕادەیەک؛ پتر لە: خێزان ، منداڵ ، باوک ، دایک و تێکڕای خەڵکیش: {قُلْ إِنْ كَانَ آبَاؤُكُمْ وَأَبْنَاؤُكُمْ وَإِخْوَانُكُمْ وَأَزْوَاجُكُمْ وَعَشِيرَتُكُمْ وَأَمْوَالٌ اقْتَرَفْتُمُوهَا وَتِجَارَةٌ تَخْشَوْنَ كَسَادَهَا وَمَسَاكِنُ تَرْضَوْنَهَا أَحَبَّ إِلَيْكُمْ مِنَ اللَّهِ وَرَسُولِهِ وَجِهَادٍ فِي سَبِيلِهِ فَتَرَبَّصُوا حَتَّى يَأْتِيَ اللَّهُ بِأَمْرِهِ وَاللَّهُ لَا يَهْدِي الْقَوْمَ الْفَاسِقِينَ} (2)، واتە: " بڵێ: ئەگەر باوک ، وەچە ، برا ، ژن ، هۆز و ئەو سامانەی کە پەیداتانکردووە و بازرگانیەک کە دەترسن لە برەو بکەوێت و ئەو خانووبەرەیەی کە دڵتان پێی خۆشە، ـ ئەگەر ئەمانەتان هەموو ـ لە لا خۆشەویستترە لە خودا و پێغەمبەرەکەی و جیهاد کردن لە ڕێی خوادا؛ ئەوە چاوەنوارِ بن تا فەرمانی خودا دێت ـ واتە تۆڵە و سزای خودا ـ خودا ڕێنمایی لەڕێلادەران ناکات ". وە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: ((لا يؤمن أحدكم حتى أكون أحب إليه من والده وولده والناس أجمعين)) (3)، واتە: " هیچ یەکێک لە ئێوە ئیمانی نابێت ـ واتە ئیمانی تەواو نابێت ـ تا منی لە لا خوشەویستتر نەبێت لە: باوکی و وەچەی وتێکڕای خەڵکیش ".

لە فەرموودەشدا هاتووە کە پاداشتی خۆشویستنی بریتییە لە پێکەوە بوون لەگەڵیدا لە بەهەشت:

کاتێک کە پیاوێک پرسیاری لەبارەی قیامەتەوە لێکرد؛ لە وەڵامدا پێغەمبەر ﷺ پێی فەرموو: " چیت بۆ ئامادە کردووە؟ کابرا وتی: ئەی پێغەمبەر خوا ﷺ ئەوەی ڕاستی بێت نوێژ و ڕۆژوو و سەدەقەی زۆرم بۆ ئامادە نەکردووە، بەڵام

---

(1) بوخاری و موسلیم گێڕاویانەتەوە.
(2) سوورەتی: "التوبة" ئایەتی: 24.
(3) بوخاری و موسلیم گێڕاویانەتەوە.

خودا و پێغەمبەریم خۆش دەوێت، پێغەمبەر ﷺ پێی فەرموو: تۆ لەگەڵ ئەوەیت کە خۆشت دەوێت "[1].

کاتێکیش کە عومەری کوڕی خەتتاب خودا لێی ڕازی بێت وتی: " ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ تۆ لە هەموو شتێک خۆشەویستتریت لەلام بێجگە لەخۆم، پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: نەخێر، سوێند بەوەی کە گیانمی بە دەستە، نابێت تا لە خۆشت خۆشەویستتر نەبم لات، ئەوجا عومەر فەرمووی: سوێند بە خوا ئائێستا لەخۆشم خۆشەویستتریت لام، پێغەمبەری خوداش ﷺ فەرمووی: ئێستا تەواوە ئەی عومەر "[2].

هەروەها فەرموویەتی: " سێ ئاکار هەن، هەرکەسێک تێیدا بن؛ ئەوە شیرینیی ئیمانی چەشتووە: خودا و پێغەمبەری خودای لە هەرچی بێجگە لەوانە خۆشتر بوێت، ئەگەر کەسێکیشی خۆش ویست؛ تەنیا لەبەر خودا خۆشی بوێت، ئەمەندەش پێی ناخۆش بێت بگەڕێتەوە بۆ کوفر، لەپاش ئەوەی کە خودا دەربازی کردووە لێی، هێندەی ئەوەی کە پێ ناخۆشە فڕێ درێتە ئاگرەوە "[3].

گومانیش لەوەدا نییە، کە هەر کەسێک خودا سەرکەوتووی بکات لەوەدا؛ ئەوە بێگومان تام و شیرینی ئیمان دەچێژێت، ئیتر چێژ لە فەرمانبەرداری وەردەگرێت و هەموو سەختییەک لە پێناوی ڕەزامەندیی خودای گەورە و پێغەمبەرەکەیدا ﷺ هەڵدەگرێت، هیچ ڕێگەیەکیش ناگرێتەبەر کە لەگەڵ شەریعەتەکەی موحەممەد ﷺ دا کۆک نەبێت، چونکە ئیدی ئەو ڕازی بووە بە پێغەمبەرێتیی ئەو و خۆشی دەوێت، هەرکەسێکیش بە ڕاستی و لە دڵەوە خۆشی بوێت؛ دیارە کە فەرمانی ناشکێنێت، هەر لەبەر ئەمەیە کە گوتراوە:

---

(1) بوخاری و موسلیم گێڕاویانەتەوە.

(2) بوخاری و موسلیم گێڕاویانەتەوە.

(3) بوخاری و موسلیم گێڕاویانەتەوە.

تعصـــــي الإلــــه وأنـــــت تُظْهـــــر حُبَّـــــهُ
هــــــذا لعمــــــري في القيـــــاس بــــــديعُ
لــــــو كـــــان حُبَّــــكَ صـــــادقاً لأطعتـــــه
إن المُحــــــبَّ لمـــــن يُحِـــــبُّ مُطيـــــعُ[1]
واته:

**گـەر خـوات خـۆش دەوێـت بـۆ یاخیـت لـە ڕێـی**
**ئـــاوا خــــەریکیت نامـــاقوڵ دەڵێـــــی**
**ئەگـــەر ڕاســت دەکـــەی فەرمانبـــەری بـــە**
**ڕێگـــەی خۆشەویســـت نـــابێ لادەی لێـــی**

نیشانەکانی خۆسویستنی پێغەمبەریش ﷺ، لە پێڕەوی کردنی و شوێنکەوتنی سوننەتەکەی و جێبەجێ کردنی فەرمانەکانی و دوور کەوتنەوەی لە قەدەغە کراوەکانی و هەروەها خۆ ڕازاندنەوە بە ئاکارە بەرزەکانیدا خۆی دەنوێنێت، لە خۆشی و ناخۆشی و ئاسوودەیی و تەنگانەدا، بێگومانیش ئەوەی شتێکی خۆش بوێت بەرزی ڕادەگرێت، ڕەزامەندیی ئەوی بەلاوە گرنگە، ئەگینا ڕاستگۆ نابێت لە خۆشەویستییەکەیدا و تەنیا زارەکییە و لە دڵەوە نییە.

هەروەها لە نیشانەکانی خۆشەویستیی پێغەمبەر ﷺ؛ دڵسۆزی " النصيحة " یە بۆی، هەروەک فەرموویەتی: " دین دڵسۆزییە " وتیان بۆ کێ ئەی پێغەمبەری خودا؟ فەرمووی: " بۆ خودا و پێغەمبەر و پێشەوایانانی موسوڵمانان و موسوڵمانانیش بە گشتی "[2]. دڵسۆزیش بۆ پێغەمبەری خودا ﷺ؛ بریتیە لە: باوەڕ هەبوون بە پێغەمبەرێتیی ئەو، پێڕەوی کردن لە فەرمانەکانی و دوور کەوتنەوە لە قەدەغەکانی، هاریکاری و پشتیوانی کردنی و پارێزگاری لێکردنی، چ بە زیندوویی و چ لە پاش مردنی، هەروەها زیندوو ڕاگرتنی ڕێباز و سوننەتی،

---

(1) بڕوانە: (الشفاء بتعريف حقوق المصطفى صلّى الله عليه وسلّم: 549/2 و563/2).
(2) موسلیم گێڕاوێتیەوە.

کارپێکردنی، فێربوونی، فێرکردنی خەڵکی دیکە، بەرگری کردن لێی و بڵاوکرنەوەی، هەروەها لە بەرکردنی ڕەوشتە جوانەکانی و ئاکارە بەرزەکانی.

**پێنجەم:** ڕێز لێگرتنی و هاوپشتی کردنی: وەک کە خودای گەورە فەرموویەتی: {لِتُؤْمِنُوا بِاللَّهِ وَرَسُولِهِ وَتُعَزِّرُوهُ وَتُوَقِّرُوهُ...}[1]، واتە: " تا ئیمان بێنن بە خودا و پێغەمبەری و پشتیوانیی لێ بکەن و ڕێزی بگرن... ". هەروەها فەرموویەتی: {يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تُقَدِّمُوا بَيْنَ يَدَيِ اللَّهِ وَرَسُولِهِ وَاتَّقُوا اللَّهَ إِنَّ اللَّهَ سَمِيعٌ عَلِيمٌ}[2]، واتە: " ئەی ئەوانەی کە ئیمانتان هێناوە! نەکەن پێشی خودا و پێغەمبەرەکەی بکەون ـ لە کردار و گوفتارتاندا ـ لە خوداش بترسن، خودا بیسەر و زانایە ". هەر لە بارەی ڕێزگرتنی پێغەمبەرەوە ﷺ فەرموویەتی: {لَا تَجْعَلُوا دُعَاءَ الرَّسُولِ بَيْنَكُمْ كَدُعَاءِ بَعْضِكُمْ بَعْضًا...}[3]، واتە: " بانگ کردنی پێغەمبەر ﷺ لە نێوانتاندا وەک بانگکردنی یەکتریی خۆتان هەژمار مەکەن... ".

جا ڕێزگرتنی پێغەمبەر ﷺ لەپاش مردنیشی هەروەک کاتی ژیانی پێویستە، ئەویش لە کاتی باس کردنی فەرموودە و سوننەتەکەیدا و لە کاتی بیستنی ناو و سەربوردەی ژیانیدا، هەروها بە فێربوونی سوننەتەکەی و بانگەواز کردن بۆی و سەرخستنی.

**شەشەم:** سەڵاوت دان لەسەری ﷺ، خوادی گەورە فەرموویەتی: {إِنَّ اللَّهَ وَمَلَائِكَتَهُ يُصَلُّونَ عَلَى النَّبِيِّ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا صَلُّوا عَلَيْهِ وَسَلِّمُوا تَسْلِيمًا}[4]، واتە: " خودا و فریشتەکانی سەڵاوات دەدەن لەسەر پێغەمبەر، ئەی ئەوانەی کە ئیمانتان هێناوە! ئێوەش سەڵاواتی لەسەر بدەن و بە دڵ و بە گیان سڵاوی خودای لێ بکەن ". پێغەمبەریش ﷺ فەرموویەتی: ((من صلى علي صلاة صلى الله

---

(1) سوورەتی: "الفتح" ئایەتی: 9.

(2) سوورەتی: "الحجرات" ئایەتی: 1.

(3) سوورەتی: "النور" ئایەتی: 63.

(4) سوورەتی: "الأحزاب" ئایەتی: 56.

عليه بها عشرا)) [1]، **واته: " ئەوەی یەک سەڵاواتم لەسەر بدات؛ لە بەرامبەردا خودای گەورە دە سەڵاواتی لەسەر دەدات ".**

**هەروەها فەرموویەتی:** ((لا تجعلوا بيوتكم قبورا و لا تجعلوا قبري عيدا و صلوا علي فإن صلاتكم تبلغني حيث كنتم)) [2]، **واتە: " ماڵەکانتان مەکەن بە گۆڕستان، گۆڕەکەیشم نەکەن بە جەژنگە ـ واتە نەیکەن بە جێی کۆبوونەوە بۆ جەژن گێڕان ـ ، سەڵاواتیشم لەسەر بدەن، چونکە لە هەر کوێیەکەوە سەڵاواتم لەسەر بدەن پێم دەگات ". هەروەها فەرموویەتی:** ((البخيل من ذكرت عنده فلم يصل علي)) [3]، **واتە: " بەرچاوتەنگ کەسێکە کە من لەلایدا ناوم ببرێت؛ کەچی سەڵاواتم لەسەر نەدات". هەروەها فەرموویەتی:** ((ما جلس قوم مجلسا لم يذكروا الله فيه و لم يصلوا على نبيهم إلا كان عليهم ترة فإن شاء عذبهم و إن شاء غفر لهم)) [4]، **واتە: " هەر دەستە خەڵکێک کۆ ببنەوە و لە کۆڕەکەیاندا یادی خودا نەکەن و سەڵاواتیش نەدەن لەسەر پێغەمبەرەکەیان؛ ئەوە دەبێتە پەژارە لەسەریان، جا ـ خودای گەورە ـ بە ویستی خۆیەتی سزایان بدات، یان بیانبەخشێت ". هەرەوها فەرموویەتی:** ((رغم أنف رجل ذكرت عنده فلم يصل علي)) [5]، **واتە: " لووتی لە خۆڵ چەقێ؛ هەرکەسێک کە منی لەلادا ناو ببرێت و سەڵاواتم لەسەر نەدات".**

---

(1) موسلیم گێڕاوێتیەوە.

(2) ئەبوداود گێڕاوێتییەوە، شێخ ئەلبانیش بە سەحیحی داناوە، بڕوانە: (صحيح الجامع الصغير) فەرموودەی ژمارە: 7226.

(3) تیرمیزی و ئەحمەد و تەبەرانی گێڕاویانەتەوە، شێخ ئەلبانیش بە سەحیحی داناوە، بڕوانە: (إرواء الغليل في تخريج أحاديث منار السبيل) فەرموودەی ژمارە: 5.

(4) تیرمیزی و حاکم گێڕاویانەتەوە، شێخ ئەلبانیش بە سەحیحی داناوە، بڕوانە: (سلسلة أحاديث الصحيحة) فەرموودەی ژمارە: 74.

(5) تیرمیزی و حاکم گێڕاویانەتەوە، شێخ ئەلبانیش بە سەحیحی داناوە، بڕوانە: (إرواء الغليل) فەرموودەی ژمارە: 6.

### لەو کات و ساتانەی کە سەڵاواتی تێدا دەدرێت:

ئەو شوێن و کاتانەی کە تێیاندا سەڵاوات دەدرێت لەسەر پێغەمبەر ﷺ؛ گەلێک زۆرن، ئیمامی ئیبنولقەییم لە کتێبی (جلاء الأفهام في الصلاة والسلام على خير الأنام) دا چلویەک کات و ساتی باس کردووە، بۆ نموونە:

کاتی چوون ناو مزگەوت، کاتی هاتنە دەرەوە لەمزگەوت، پاش وەڵام دانەوەی بانگدەر، کاتی قامەت، کاتی پاڕانەوە، لە پاش تەحیات لە نوێژدا، لە نوێژی مردوودا، بەیانیان و ئێواران، ڕۆژانیی هەینی، لە کۆڕ و کۆمەڵدا پێش بڵاوە کردن، لە وتاردا وەک: هەردوو وتارەکەی نوێژی هەینی، لە کاتی نووسینی ناویدا، لە کاتی نوێژی چێژنان لە نێوان تەکبیراتەکاندا، لە کۆتایی دوعای قونوتدا، لەسەر سەفا و مەروە، لە کاتی ڕاوەستان لەلای گۆڕەکەیدا، لە کاتی دڵتەنگی و تەنگانە و داوای لێخۆشبووندا، پاش گوناهـ کردن بۆ ئەوەی هەڵیوەرێنێ، هەروەها جێگەلێکی دیکەش کە ئیمامی ناوبراو لە کتێبەکەیدا تۆماری کردوون.

ئەگەر لە بارەی فەزڵ و گەورەیی پاداشتی سەڵاواتدا جگە لەم فەرموودەیەی خوارەوە هیچی دیکەش نەهاتبا ئەوە هێشتا هەر بەس بوو:

پێغەمبەری خودا ﷺ فەرموویەتی: ((من صلى علي صلاة واحدة صلى الله عليه عشر صلوات وحطت عنه عشر خطيئات ورفعت له عشر درجات)) [1]، واتە: " هەر کەسێک تەنیا یەک جار سەڵاواتم لەسەر بدات؛ خودا دە سەڵاواتی لەسەر دەدات، دە گوناهی لەسەر دەسڕێتەوە و دە پلەش بەرز دەبێتەوە ".

**حەوتەم:** کردنی بە دادوەر لە کێشەکاندا و ڕازی بوون بە حوکمی: خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا أَطِيعُوا اللَّهَ وَأَطِيعُوا الرَّسُولَ وَأُولِي الْأَمْرِ مِنْكُمْ فَإِنْ تَنَازَعْتُمْ فِي شَيْءٍ فَرُدُّوهُ إِلَى اللَّهِ وَالرَّسُولِ إِنْ كُنْتُمْ تُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ

---

(1) نەسائی گێڕاوێتییەوە، شێخ ئەلبانیش بە سەحیحی داناوە، بڕوانە: (مشكاة المصابيح) فەرموودەی ژمارە: 922.

الْآَخِرِ ذَلِكَ خَيْرٌ وَأَحْسَنُ تَأْوِيلًا}(1)، واتە: " ئەی ئەوانی کە ئیمانتان هێناوە! فەرمانبەری خودا و فەرمانبەری پێغەمبەر و کاربەدەستانی خۆتان بن، هەرکاتێکیش لە شتێکدا بوو بە مشتومڕتان؛ بیگێڕنەوە بۆ لای ـ حوکمی ـ خودا و پێغەمبەر، ئەگەر ئیمانتان بە خودا و ڕۆژی دوایی هەیە، ئەمە باشترە بۆتان و ئاکامی چاکتری هەیە ". هەروەها فەرموویەتی: {فَلَا وَرَبِّكَ لَا يُؤْمِنُونَ حَتَّى يُحَكِّمُوكَ فِيمَا شَجَرَ بَيْنَهُمْ ثُمَّ لَا يَجِدُوا فِي أَنْفُسِهِمْ حَرَجًا مِمَّا قَضَيْتَ وَيُسَلِّمُوا تَسْلِيمًا}(2)، واتە: " نەخێر سوێند بە پەروەردگارت، ئیماندار نابن؛ هەتا تۆ دەکەن بە دادوەر لە هەر کێشەیەک کە لە نێوانیاندا ڕوو دەدات؛ پاشان لە ناخی دڵیشیاندا هیچ تەنگییەک بەدی نەکەن لە هەمبەر ئەو دادوەرییەی تۆ و بە تەواویش ملکەچ بن ". ئەم دادوەرییەش لە پاش پێغەمبەر خۆی ﷺ؛ بۆ سوننەت و شەریعەتەکەی دەبێت.

**هەشتەم:** دانانی لەو پلەوپایەی خۆیدا کە هەیەتی، بە بێ زێدەڕۆیی و کەمایەتی: موحەممەد ﷺ بەندە و پێغەمبەری خودایە، چاکترین پێغەمبەران و نێردراوەکانیشە، سەرداری ئەوەڵ و ئاخری ئافراوەکانە، خاوەنی پێگەی پەسەند "المقام المحمود" و حەوزی کەوسەرە، بەڵام سەرەڕای ئەمانەش؛ پێغەمبەر ﷺ مرۆڤە و هیچ زیان و سوودێکی لەدەست نایەت، نە بۆ خۆی و نە بۆ غەیری خۆی، مەگەر شتێک کە خودا ویستی لێ بێت، خودای گەورە فەرموویەتی: {قُلْ لَا أَقُولُ لَكُمْ عِنْدِي خَزَائِنُ اللَّهِ وَلَا أَعْلَمُ الْغَيْبَ وَلَا أَقُولُ لَكُمْ إِنِّي مَلَكٌ إِنْ أَتَّبِعُ إِلَّا مَا يُوحَى إِلَيَّ}(3)، واتە: " بڵێ: خۆ من پێتان ناڵێم گەنجینەکانی خودا لای منن، لە غەیبیش نازانم، پێشتان ناڵێم کە من فریشتەم، من تەنیا ئەوە پێڕەو دەکەم کە خودا بە وەحی بۆی ناردووم ". هەروەها فەرموویەتی: {قُلْ لَا أَمْلِكُ لِنَفْسِي نَفْعًا وَلَا ضَرًّا إِلَّا مَا شَاءَ اللَّهُ وَلَوْ كُنْتُ أَعْلَمُ الْغَيْبَ لَاسْتَكْثَرْتُ مِنَ الْخَيْرِ وَمَا مَسَّنِيَ السُّوءُ

---

(1) سوورەتی: "النساء" ئایەتی: 59.

(2) سوورەتی: "النساء" ئایەتی: 65.

(3) سوورەتی: "الأنعام" ئایەتی: 50.

إِنْ أَنَا إِلَّا نَذِيرٌ وَبَشِيرٌ لِقَوْمٍ يُؤْمِنُونَ}[1]، واته: " بلێ: من بۆ خودی خۆیشم هیچ سوود و زیانێکم بەدەست نییە، مەگەر ئەوەی کە خودا بیەوێت، گەر غەیبم بزانییایە خێری زۆرم بەدەست دەهێنا و زیانیشم تووش نەدەهات، من تەنیا ترسێنەر و مژدەدەرێکم، بۆ خەڵکێک کە ئیمان دەهێنن ". هەروەها فەرموویەتی: {قُلْ إِنِّي لَا أَمْلِكُ لَكُمْ ضَرًّا وَلَا رَشَدًا ❊ قُلْ إِنِّي لَنْ يُجِيرَنِي مِنَ اللَّهِ أَحَدٌ وَلَنْ أَجِدَ مِنْ دُونِهِ مُلْتَحَدًا}[2]، واته: " بلێ: من هیچ زیان و قازانجێکم لە دەست نایەت بۆتان ❊ بلێ: هیچ کەسێک لە سزای خودا پەنام نادات ـ ئەگەر لە فەرمانی لادەم ـ جگە لە خوداش هیچ پەنایەک شک نابەم ".

پێغەمبەری خودا وفاتی کرد هەروەک پێغەمبەرانی دیکە، بەڵام ئایینەکەی ماوەتەوە و دەمێنێتەوە بۆ ڕۆژی دوایی، خودای گەورە فەرموویەتی: {إِنَّكَ مَيِّتٌ وَإِنَّهُمْ مَيِّتُونَ}[3]، واته:" تۆش دەمریت و ئەوانیش دەمرن "، بەم چەشنە دەبێ بزانین کە تەنیا خودا بە تاک و تەنیا شایستەی پەرستن " عیبادەت " ە، بە بێ هاوەڵ دانان، خودای گەورە فەرموویەتی: {قُلْ إِنَّ صَلَاتِي وَنُسُكِي وَمَحْيَايَ وَمَمَاتِي لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ ❊ لَا شَرِيكَ لَهُ وَبِذَلِكَ أُمِرْتُ وَأَنَا أَوَّلُ الْمُسْلِمِينَ}[4]، واته:" بلێ: من نوێژ و قوربانی و ژیان و مردنم بۆ خودای پەروەردگاری جیهانەکانە ❊ هیچ هاوەڵێکی نییە، بەوەش فەرمانم پێدراوە و من لە ڕیزەی موسوڵمانان یەکەمینم".

وصلى الله وسلم على نبينا محمد وعلى آله وأصحابه.

---

(1) سوورەتی: "الأعراف" ئایەتی: 188.

(2) سوورەتی: "الجن" ئایەتی: 21 و 22.

(3) سوورەتی: "الزمر" ئایەتی: 30.

(4) سوورەتی: "الأنعام" ئایەتی: 162 و 163.

**سەرنج:**

ئەم بابەتە وەرگێڕاوی بەشێکە لە کتێبی: (وداع الرسول ﷺ لأمته دروس، وصايا، وعبرٌ، وعظات) دانراوی: شێخ سەعید بن عەلی بن وەهف ئەلقەحتانی، بە هەندێک دەستکاریی بێزیانەوە وەرمگێڕاوە.

بەندەی هەژار: **خدرنەژاد کوردستانی**.

لە بڵاوکراوەکانی ماڵپەڕی خدرنەژاد کوردستانی

www.xdrnejad.8m.com